# ئەو دەمەی خاک بۆ عاشق بە وەفاترە لەدڵی مرۆڤ

خۆشەویستی ئەو دنیا پڕ لەئەندێشەو جوانییەی روحە، کاتێك روو لەهەر دڵێك دەکات گەر ئەو دڵە لەبەهاو بەرزی ئەو هەستانە بگات ئەوە بێگومان دەبێتە خاوەن گەورەترینو پیرۆزترین سەرمایە، ئەویش عیشقە، ئەو عیشقەی بەگڕوتین هەموو خانەکانی دڵو دەرون گەش دەکاتەوە، واش لەعاشق دەکات نائاگاو بێ سڵکردنەوە لەو کۆتو بەندەی واقیع بەسەریاندا سەپاندویەتی یاخی ببنو باکیان نەبێت چارەنوسیان گەر بۆ یەکدی نەبن چی دەبێت، بابێت.


ئەمەی بۆ ئێوە دەگێڕمەوە داڕێژراوەی هەواڵو بەسەرهاتی دوو عاشقە، لەزاری کەسوکارو ئەوانەی لەروداوەکە ئاگادار بوون.

کەسوکاری ئەم دوو عاشقەی باسیان دەکەین ئامادە نەبوون ناویان ئاشکرا بکرێت، سەرەتای چیرۆکەکەش وادەستپێدەکات، چەند ساڵێك پێش ئێستا کاروان نانەواخانەی دەبێت لەگەڕەکی ماڵی دەریا، ئەویش خوێندکاری ئامادەییەو بەحوکمی ئەوەی کچی گەورەی خێزانێکە کە بێجگە لەخۆی لەسێ کچو دوو کوڕی تر پێکهاتووەو، هەموو رۆژێك سەردانی نانەواخانەکە دەکات بەمەبەستی نانکڕین، ڕێکەوتو چارەنوس وەك سەرچاوەکە دەیگێڕێتەوە کاروان بەدەریا ئاشنا دەکاتو هەر لەسەرەتاوە کاروان هەست بەگەرمی ئەو خۆشەویستیە دەکاتو بەنهێنی لەدڵی خۆیدا دەیلاوێنێو رۆژ لەدوای رۆژ عەشقی بۆ دەریا گەشە دەکات.

کەسانی نزیك لەکاروان دەڵێن کاروان تا دێت پەرێشانتر دەبێتو دەشزانێت کە خۆشەویستەکەی پەروەردەی خێزانێکی ناودارو دەوڵەمەندە، ئەویش کوڕە هەژارێکی داماوە، بەڵام کەی خۆشەویستی مەرجی هەبووە کاتێك رومان تێدەکات، ئەو گڕکانێك خۆش دەکاتو هەچ بنبەستێك ڕێی پێ بگرێت دەیسوتێنێتو لەناوی دەبات.

رۆژگار دێتو هەردوو عاشق ئەوەندەی تر روحیان لەیەکدی نزیك دەبێتەوەو پەیوەندییەکەیان بەتینتر دەبێت، گەر رۆژێك یەکتریان نەبینیایە ئارامیان لێدەبڕاو چرکەیان لێ دەبو بەسەعاتو سەعات بەرۆژ، رۆژ بەساڵ، بۆیە هەندێ جار کاروان وەك چۆن مەزارگەیەك بەسەر بکاتەوە، شەوانە کۆڵانی ماڵی خۆشەویستەکەی بەسەردەکردەوە. ئەوانەی ئەو روداوە دەگێڕنەوە کە کاروان دڵنیا دەبێت خۆشەویستیەکەی لەدڵی دەریا رەگی داکوتاوە، بڕیار دەدات بەپێی دابو نەریت بچێت بۆ خوازبێنیو داوای بکات، سەرەتاش باوکو دایکی لەو نیازە ئاگاداردەکاتەوە.

بێگومان باوکو دایکی دەترسنو پێشبینی رەتکردنەوەی ماڵی دەریا دەکەن، لەبەر ئەوەی لەکاروان زیاتر وردەکارییەکانی جیاوازیی چینایەتیەکە دەبینن، ئەوان بێجگە لەکارکردنی کاروان لەو نانەواخانەیە شتێکی تر شك نابەن، بەپێچەوانەی باوکی دەریا کە بازرگانو دەست رۆیشتووە، بەڵام دوودڵیی دادیان نادادتو بەناچاری دەڕون بۆ خوازبێنی دەریا، ئەو رۆژە کات لەدڵی هەردوو عاشق نەدەڕۆیشت وەك ئەوەی زەمەن لەو ساتەوە وەستابێت، چونکە ئەوان ئەوەندە پەرۆشی یەکتربوون سروشتی کاتو



وێنەکە لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە

زەمەنیان تێپەڕاندبوو، کات ناڕواتو ناجولێت، بۆ ئەوەی چارەنوسیان یەکلا بکرێتەوە، لەپڕو بێ ئەمسەرو ئەوسەر باوکی دەریا پێیان دەڵێت "هەر لەمنداڵیەوە دەریامان لەخزمێکی خۆم مارە کردووە"، بەواتایەکی تر داواکارییەکەیان رەتدەکاتەوە. عاشقان لەشەوی دواترو لەژوانێکی بەرق ئاسا بڕیاری چارەنوسسازی خۆیان دەدەن، پلانی هەڵاتن بەرەو هەندەران دادەنێن بەو ئومێدەی لەوێ ژیانی هاوسەرێتی دابمەزرێنن.

بۆ ئەم مەبەستەش کاروان ماڵەوەیان ئاگاداردەکاتەوە کە چیدی بەرگەی ئەو شکستە ناگرێتو دەبێت نانەواخانەکە بفرۆشێتو سەری خۆی هەڵبگرێت، لەهەمان کاتدا دەریاش وای لەماڵەوەیان تێگەیاندووە کە پێویستی بەدورکەوتنەوە هەیە لەم مەسەلەیەو بەباشی دەزانێت سەردانی ماڵی خاڵی بکات لەکەرکوك، داوای هەندێ پارەشیان لێدەکات، دوای مشتومڕێکی زۆر ڕێگەی پێ دەدەن، ئەویش لەگەڵ کاروان بەرەو شارێکی باکور دەکەونە ڕێ بەئومێدی ئەوەی لەوێوە بەرەو هەندەران دەربازبن.

پلانەکەیان سەردەگرێت، بەڵام سێ رۆژی یەکەمیان زۆر دژوار دەبێت، چونکە هیچ جێگایەكو هیچ ئوتێلێك جێگەیان ناکاتەوەو بەگومانەوە لێیان دەڕوانن، هەرچەندە ئەوان وەك دوو هاوسەر خۆیان دەناساند، بەڵام بێهودە دەبێت، پاش تێپەڕبوونی پێنج رۆژ بەسەر سەفەری دەریا، دڵەڕاوکێ تەنگ بەباوکی هەڵدەچنێتو بەرەو ماڵی خاڵی دەریا دەڕوات، لەوێ خاڵی پێی دەڵێت "دەریا نەهاتووەو نەمانبینیوە".

بەوەش باوکی دڵنیا دەبێت کە کچەکەی لەگەڵ کاروان رەدوکەوتووە، دەستبەجێ هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی کاروانو هەڕەشەی کوشتنی هەردوکیان دەکات بۆ کڕینەوەی شەرەفی بنەماڵە، سەرچاوەکە بەردەوام دەبێت لەگێڕانەوەی روداوەکەو باس دەکات کە هەردوو خێزان لەدۆزەخی ئەم خەمە نوقم دەبنو پاش گەڕانێکی زۆر دەیاندۆزنەوە کاتێك دەگەنە سەریان، خێرا کاروان دەپەشۆکێتو هەڵدێتو دەریا لەدوای خۆی بەدۆزەخ دەسپێرێت، کچەی داماویش بەزەبری لێدانو کوتان دان بەوەدا دەنێت کە هێشتا کچەو لەگوڵ پاکترە، بەڵام ئەوان سوردەبن لەسەر پشکنینی پەردەی کچێنیو دواتر ڕاپۆرتی پزیشك پاکیزەیی دەریا دوپات دەکاتەوەو بۆیە نایکوژن، بەڵام لەژورێکی تاریك لەماڵەوەدا زیندانی دەکەنو سوکایەتی زۆری پێ دەکەن، تا چەند دەریا لەو زیندانە ماوەتەوە سەرچاوەکە نازانێت، بەڵام ئەو تاریکستانە ورە بە دەریا دەڕوخێنێتو شکستو نائومێدی پلانی مەرگی پێ دادەڕێژن، بۆیە داوا لەدایکی دەکات مۆڵەتی بدات خۆی بشوات.

لەگەڵ چونەژوورەوەی بۆ گەرماوەکە دەرفەت دەهێنێو دەبەیەك بانزین دەباتە ژورەوەو لەجیاتی ئاو دەیکات بەخۆیدا، ئەوەندە نابات بەچرکەیەك دەبێتە پارچەیەك خەڵوزو هەرچەندە هەوڵ دەدەن بیکوژێننەوە.

لەنەخۆشخانە دەریا بەدایكو باوکی دەڵێت "ئەمە بوو ئەنجامی عەقڵیەتی کۆنەپەرستی ئێوە!" و گیانی دەسپێرێت. بەڵام وەك ئەوەی روحی دەریا چاوەڕوانی کاروان بکاتو بانگی بکات، کاروانی سەرلێشێواو پاش چەند رۆژێك دەگەڕێتەوە شارو لەوێ پێی دەڵێن خۆشەویستەکەی بۆتە میوانی گۆڕستان، مەرگ دەرفەتی نادادتو بەغاردان بەرەو گۆڕستان دەکەوێتە ڕێو لەوێ بەو دەمانچەیەی پێیەتی دوو سێ فیشەك دەنێت بەنێوچاوانی خۆی، ئەو بستە خاکەی گۆڕستانیش بۆ هەمیشە دەبێتە لانەیان.

**ئا/ عومەر ئاوارە**

تێبینی/ ناوەکانی بابەتەکە خوازراون

# بۆچی لەپرسەدا ژنان کەمتر لەپیاو خزمەت دەکرێن؟

لەپرسەی خزمێکی خۆم سەرپەرشتی چێشت لێنانم دەکرد، نیوەڕۆ خواردنم ئامادەکردو ناردم بۆ ژنان، سەیرەکەم خواردنەکەیان وەکو خۆی گێڕایەوەو وتیان "هەمووی بەتاڵکەرەوە، چۆن دەبێت ژنان نان بخۆن کە هێشتا پیاوان لەمزگەوت نەهاتۆنەتەوە!".

گێڕانەوەی خواردنەکان بێ ئەوەی ژنان لێی بخۆن، بۆ سەیران نەسرالدین وەك ئاماژەی پێدەدات دەبێتە مایەی شەرمەزاری "زۆرم پێ سەخت بوو و پێی تەریق بومەوە، چونکە کۆمەڵێك فەرمانبەری ژن مۆڵەتیان وەرگرتبوو و بەپەلە هاتبوون، بەڵام بەبێ نان خواردن هەستان".

ئەم روداوەی سەیران دەیگێڕێتەوە، یەکەم جار نیەو حاڵەتێکی نامۆ نیە لەکۆمەڵگەی کوردەواری بەتایبەتی لەبۆنە کۆمەڵایەتیەکانی وەك شاییو پرسەو مەولود خوێندن.. هتد.. کە تێیدا ژنان پەراوێز دەخرێنو پاش ئەوەی پیاوان بەشی شێریان بەردەکەوێت، هەر لەپێشوازی گەرم تاکو سفرە رازاندنەوەو نان خواردنو خزمەت کردن، ئینجا ئاوڕ لەژنان دەدرێتەوە.

سەیران دەڵێت "لەکاتێکدا ئەم حاڵەتە دەبوو بەنەنگیەیەکی گەورەو لەپرسەکەدا دەنگی دەدایەوە، گەر پیاوان بەبێ نانخواردن هەستابان".

بەڵام قومریە نەریمانی تەمەن ٦٠ ساڵ نکوڵی لەبونی ئەم رەفتارە دەکاتو دەڵێت "دوێنێ مەولودمان هەبووەو ئەوەی جیاوازی بێت لەبەینی ژنو پیاو نەمانکردووە، بگرە زیاتر خەمی ژنانمان بووە". "ئەمە دیاردەیەکی ناشیرینی کۆمەڵەکەمانە" بە قسەی شەوبۆ دەروێش خاوەنی ئارایشتگایەو دەڵێت "پیاو هەیە لەپرسەدا نیو سەعات یا سەعاتێك دانیشتووە، بەڵام من لەبەیانییەوە تا ئێوارە دانیشتوم، ئیتر بۆ دەبێت ڕێز لەو هەڵوێستە نەگیرێتو پیاوێك کە بەسەرپێیەوە سەردانی کردوون، بەڕێزتر بەڕێبخرێت".

بۆچونەکان بەپێی تەمەنو ئەزمونو شارو لادێ دەگۆڕێنو لەگەڕەکە هەژارنشینەکانیش زیاتر ئەم رەفتارە بەدی دەکرێت، لای حەلاو فەرەجی تەمەن ٦٥ ساڵ، لە گەڕەکی جولەکانە، کە یەکێکە لە گەڕەکە میلییو هەژارەکانی سلێمانیە، ئەو مانگێك نابێ هاوسەرەکەی مردووەو بوونی ئەم دیاردەیە بەبەشێك لەدابو نەریتی کۆن دادەنێت، "ئەم جیاوازییە هەر هەبووەو نەوە دوای نەوە بۆمان ماوەتەوە".

جیاکارییەکە لەمێشکی دایە حەلاو بەجۆرێك چەقی بەستووە کە هەرگیز قابلی گۆڕانو گفتوگۆکردن نیەو دەڵێت "گەر هاتو لەپرسەیەکدا چێشتو گۆشتەکە کەم بوو یان بەشی نەکرد، ئەوە دەبێت بدرێت بەپیاو، چونکە هەر پیاو لەپێشترەو ئەفزەڵترە".

گێلاس رەشیدی تەمەن ٦٢ ساڵ، پێی وایە لە گەڕەکی توی مەلیك دیاردەکە کەمترە، چونکە توی مەلیك یەکێکە لەگەڕەکە راقیەکانو بەچینی هوشیارو خوێندەواری شار، ئەژمار دەکرێت، بەڵام ئەم جیاکارییە هەر هەیەو بەبەڵگەوە دەیگێڕێتەوە کاتێك لەگەڵ هاوسەرەکەی بانگهێشتی مەولودێك دەکرێنو پاش ئەوەی پیاوان نان دەخۆن ئینجا سفرە بۆ ژنان ئامادە دەکرێت، ئەودەڵێت"کەچومە ژورەوە حەپەسام، بینیم بەرماوەی چێشتی پیاوانەو تەنانەت کەوچکە چەورو پیسەکان هێشتا لانەبرابوو، بۆیە هەربێزم نەهات بچمە سەر سفرەکە".

لەمبارەیەوە تریفە صالحی یاریدەدەری پزیشك، ئاماژەی بەوەکرد کە هەمیشە نیگەرانە لەم ڕەفتارەو پەستە لەهەڵوێستی ژنان، وپێی وایە ئەم حاڵەتە دروست کراوی ژنان خۆیانە، تریفە جەخت دەکاتەوە لەبونی دیاردەکە نەك هەر لەپرسە، بەڵکو لەهەندێ بانگهێشتی خێزانیش، هەر ئەفزەڵیەت دراوە بەپیاوان لەسەر حسابی ژنان، ژنان بەرپرسیار دەکات لە بەکەم زانینیان بۆ هاوڕەگەزی خۆیان، چونکە "ژنان خۆیان چێشت ئامادە دەکەنو دەینێرن بۆ پیاوان، خۆ پیاو نایەتو داوای بکات".

کارکردن بۆ نەهێشتنی ئەم حاڵەتە بەبڕوای ئەو لەژنان خۆیانەوە دەستپێدەکات، ئەویش بەبڕوابوون بەخۆیانو هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەم نەریتەو ڕێزگرتنی زیاتر لەخۆیان، چونکە تریفە وتەنی "ئافرەت خۆی ئەو خواردنە دروست دەکاتو پێوەی ماندو دەبێت، زۆرجار خۆشی پەیدای دەکات، کەواتە مافی خۆیەتی گەر یەکسانیش نەبێت لەگەڵ پیاوو بەشە باشەکەی بەربکەوێت".

ئەگەرچی پیاوان هێندەی ژن نیگەرانەو هەست بەپێشێلکردنی مافو کەرامەتی دەکات، لەم جۆرە کۆڕو کۆبونەوانەدا، بەڵام پیاوان باکیان نیەو بێ خەمن، رەئوف حەمە رەشید لەگەڕەکی چوارباخی سلێمانی، پێی وایە ترسی ژن لەگلەییو ناڕەزایی پیاوانە، ئەمەش وایان لێدەکات زۆرجار خۆیان بکەن بەقوربانیو دروستبوونی ئەم نەریتەش لای ژنان دەگێڕێتەوە بۆ مامۆستایانی ئاینی "مامۆستایانی ئاینی خەڵکێکی تۆقێنەرن، شەرعیان واقوڵکردۆتەوەو پیاو وا دەردەخەن کە زاتێکی گەورەیەو بەچاوی گومانو ترسیش سەیری ژن بکرێت".

لەلایەکی ترەوە شیرین کریمی مامۆستا لەقوتابخانەی کوردی سەرەتایی، ئاماژەی بەوە کرد هەموو ئەو بانگەشانەی بەناوی یەکسانیو نەهێشتنی جیاکاری پەیڕەو دەکرێت "تەنها قسەی زلەو هیچی تر".

ئەو زیاتر گلەیی لەو ژنانە دەکات کە سەرپەرشتی پرسە دەکەنو چێشت دروست دەکەنو ئاگاداریان دەکاتەوە بەم رەفتارەیان ئەوان جارێکی تر ژن دەچەوسێننەوەو کۆیلایەتی ژن دوبارە دەکەنەوە، شیرین رونی دەکاتەوە کە گۆڕانی ئەم تێڕوانینەش لای ژنان ئاسان نیە، چونکە رەگی داکوتیوە، هەر لەو پەروەردە سەقەتەی لەمنداڵییەوە دایك پەیڕەوی دەکات کە فەزڵی کوڕە دەدات بەسەر کچەکەداو ئەم فیکرەش شیرین وتەنی لەناخی کچەکە گەورە دەبێتو لەهەڵسوکەوتیدا رەنگدەداتەوە هەر لەشتە بچوکەکانەوە تا دەگات بەیاسا.

**ئا/ شیرین صبور**